# کاک بەرهەم با وردە حسابێک بکەین



کاتێک کاک بەرهەم لەبەغدا خەریکی پارە بەلا نان و ئاگای لە مادەی ١٤٠ کەیان نەمابوو، پرسیارمان لێنەدەکرد، بەڵام ئێستا کە بەناو سەرۆک وەزیری ئەو دەوڵەتۆکەیە، مافی خۆمانە هەموو پرسیارێکی لێ بکەین، لە ماوەی مانگێک دا کاک بەرهەم باسی چەند شتێکی سەرنج ڕاکێشی کرد کە من لێی تێنەگەیشتوم و رونکردنەوەم دەوێت.

١ – هەر چەندە لە بابەتی پێشوو تریشدا کورتە باسێکمان کردوە، کاک بەرهەم دەڵێ بەرپرسانی ئابووری لە بەغدا بڕیاریان داوە دوسەدو پەنجا ملوێن دۆلار بنێرن بۆ دەوڵەتی کوردستان لە جیاتی ئەو نەوتەی کە بەرێمان کردووە ئەو پارەیە دەدرێتە کۆمپانیا نەوتیەکان، منیش لە کاک بەرهەم دەپرسم ؟ : لەکاتێکدا کە نە دەوڵەتی عێراقی و نە وەزارەتی نەوتی عێراقی باوەڕیان بە پەیمانە نەوتیەکانی ئێوە نەهێناوەو بەردەوام دەڵێن ئێمە ئەو پەیمانە نەوتیانە بە نایاسایی دادەنێین، (NewsFlash: Shahristani Denies KRG Oil Contracts Agreed) چۆن ئەو بەرپرسە ئابوریە دەتوانێ ئەو پارەیەتان بداتێ ؟، بۆچی وەزارەتی نەوت ئەو وتەیەی تۆی پشت ڕاست نەکردەوە ؟، بە باوەڕی من ئێوە دەتانەوێ بەو حەیرانە چاوی خەڵک ببەستن و لەو ١٧% داهاتی کورد ئەو پارەیە بدن بە کۆمپانیاکان چونکە بەشی زۆرینەی بەرپرسەکان لە کۆمپانیا نەوتیەکان دا هەیە:

(According to documents obtained by Reuters from Kurdish opposition officials, and the KRG Ministry of Natural Resources, Norway's DNO (DNO.OL) has a 55 percent share in Tawke and Turkey's Genel has 25 percent, with the rest held by the KRG.)

http://www.krg.org/articles/detail.asp?lngnr=12&smap=02010200&rnr=73&anr=38359

http://www.krg.org/articles/detail.asp?anr=39875&lngnr=12

http://www.iraq-businessnews.com/2011/02/07/newsflash-shahristani-denies-krg-oil-contracts-agreed/

Shahristani repeated that the some 25 contracts signed to date by the KRG with foreign oil companies are not recognized by his ministry or by the Iraqi government. He said the KRG, which receives 17 percent of Iraq's oil budget, should compensate the companies with these funds or turn over the contracts to Baghdad.

http://www.rferl.org/content/Who_Controls_Northern_Iraqs_Oil_Wealth/1735737.html

٢ – هاوڵاتی دەنوسێ: (**بەرهەم ساڵح سەرۆکی حکومەت بە"سیغەی ئەمر" قسەیکردووەو رەخنەی لەپەرلەمانتاران گرتووە کە نابێت بڕیاری زیادکردنی پێشینەی خانووبەرەو هاوسەرگیری بدەن، چونکە بودجە بەش ناکات**)، بوجەی کوردستان ئەمساڵ بۆتە یازدە ملیار دۆلار، خێرە ئەو پارە بەشی بوجە ناکات کاک بەرهەم ؟.

**http://83.169.12.202/K_Direje.aspx?Jimare=4870&Besh=Hewal&Cor=1**

**http://www.ekurd.net/mismas/articles/misc2011/3/state4759.htm**

٣ – کاک بەرهەم دەڵێ: ("جیاوازی موچەی فەرمانبەرانی سلێمانی لەمانگی داهاتووەوە خەرج دەکرێت") کە کاک بایز تاڵەبانیش لەسەر تەلەفزوێن وتی: ئەو پارە جیاوەزەی موچە بە سێسەد ملیار دینار تەخمین کراوە، منیش لە کاک بەرهەم دەپرسم ناکرێ رونکردنەوەیەک بدەی کە کێ پێشتر ئەو سێسەد ملیارد دینارەی لەو خەڵکە گێراوەتەوەو پارەکە چی لێهاتووەو چۆتە باخەڵی کێوە ؟.

h p://www.awene.com/Direje.aspx?Babet=Hewal&Jimare=12581

٤ - کاک بەرهەم، بیستومە بەرێزیشتان وەک زوربەی بەرپرسەکان بەپارەی کوردستان فرۆشی و عێراقچیەتی، کۆشکێکی شاهانەتان لەسەر ئەو چیایەی پشتی بەکرەجۆ بنیات ناوە کە بەسەر هەردوک دیوی سلەیمانی و بازیان دا دەروانێ، تۆ بڵێی رۆژێک لە رۆژان کۆشکەکانتان نەبنە زیندان بۆتان ؟، دەتوانی پێم بڵێی چ جیاوازیەک لە نێوان خۆت و تەها محێدینی دوێنێدا دەبینی، کە کاک تەها نیدەتوانی کرێکارێک دابمەزرێنێ و دەیگوت واستەی گەورەی دەوێ ؟.

کاک بەرهەم، دانیشتن لەسەر کورسی دەسەڵات و بەلانانی هەزاران ملوێن دۆلار بە ئاسانی حەپەلوش ناکرێ، بڕوانە حوسنی موبارەک و خێزانەکەی دوای دزینی دەیان هەزار ملوێن دۆلار، (**ئاژانسەکانی هەواڵ بلاویان کردەوە، هەریەك لە حوسنی موبارەك و سۆزان موباەکی هاوسەری ئامادەی خۆیان دەربڕی سازش لەسەر تەواوی سەروەت و سامانەکەیان بکەن.**) ئێستا جەماوەر هەمویان لە قورگ دەردەهێننەوە.

http://ku.radionawa.com/Detail.aspx?id=2871&LinkID=85

کاک بەرهەم، سەردەم گۆڕاوەو دزەکان لەهیچ شوێنێک جێگایان نابێتەوەو دوا دینارو دۆلاری ئەو گەلە هەژارەیان لێدەستێنرێتەوە، هەموومان یەکتر دەناسین و دەزانین ئەو خەڵکە پێش ١٩٩١ باخەڵی چەندی تێدا بووە، واوەیلا بۆ ئەو رۆژەی گرۆڵەی

دەسەڵاتەکەی ئێوەش دەکەوێتە لێژی، هەندێکتان پێتان وایە جەماوەر بێخەبەرە، سامانە دزراوەکە بەسەر کەسوکارو هاورێکانتان دا دابەش دەکەن و ئەوانیش لەبەردەمی جەماوەردا رسوا دەکەن.

سەردار پشدەری

لەندەن ١٦ – ٥ – ٢٠١١

http://www.kurd-oil.net